# منصور حكمت موڵكی بەشەرییەتی هاوچەرخە

## گفتوگۆ لەگەڵ حەمیدی تەقوایی سەبارەت بە هەفتەی منصور حكمت

### لە بڵاوكراوەی ئەنتەرناسیونالی ژمارە23 ی  رۆژی 7 ی ئایاری 2004 دەوە كاژاو جمال وەرگیراوە بۆزمانی كوردی

**ئەنتەرناسیونال:** حزب لە بەیاننامەیەكدا هەفتەی منصور حكمتی لە 5 تا 12ی حوزەیران راگەیاندووە. هۆو موناسەبەتی تایبەت كردنی ئەم هەفتەیە بە منصور حكمت چییە؟وە حزب چ جۆرە هەلسورانیكی بەدەستەوە بۆ ئەم هەفتەیە؟

**حەمیدی تەقوایی:** هۆی دیاری كردنی هەفتەیەك لەسالدا بۆمنصور حكمت، هەروەكو كورشی مودەرسی بەدریژی لە دوو ژمارە پیشتری ئەنتەرناسیونالدا رونی كردۆتەوە، ناساندنی هەرچی زیاتری ئەم شورشگیرە گەورەو پڕبایەخەی دونیای هاوچەرخە بە كۆمەلگا. ئەوەی بۆچی بەتایبەت رۆژانی 5 تا 12 ی حوزەیران هەلبژیردراوە، بەو هۆیەوە كەئەم هەفتەیە بەرۆژی لەدایك بوونی منصور حكمت، 4 ی حوزەیران دەست پیدەكات. ئەمە خۆی نیشانی دەدات كە مەبەست لەراگەیاندنی ئەم هەفتەیە، یادكردنەوە یان تەنیا ریزلێنان لە منصور حكمت نییە. بەلكو ئامانج ناساندنی هەرچی فروانتری بیروباوەرو بۆچونو نوسینەكانی ئەوە بە كۆمەلگا، نەتەنیا لە ئیران بەلكو لە كۆمەلگای جیهانیدا. منصورحكمت تەنیا رابەری حزبێك وەیان بزوتنەوەیەك نییە، ئەو موڵكی هەمووە ئازادیخوازانو شورشگیرانی جیهانەو موڵكی هەموو ئینسانیكی شەریفە كە دونیای مەوجود قبول ناكاتو خوازیاری دنیایەكی باشترە، كۆمەلگای جیهانی دەبیت منصور حكمت بناسیت. ئەوە مافو پیویستیی ئەوە. ئەفكارو بۆچوونەكانی منصور حكمت، قەوارەی گەورەی ئەو نووسینو كتێبانەی كەبەرهەمی پڕبایەخی ماوەی كورتی ژیانی پڕدەسكەوتی ئەوە، هەلسورانی پەیگیری سیاسیو رێكخراوەیی ئەو لە بنیاتنانی بزوتنەوەو هەردوو حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی لە ئیرانو عیراقدا، ئیزافەكانی ئەو بۆسەر تیئوری ماركیسم، رەخنەی قوولو بێسازشی ئەو لە دنیای سەرمایەداری هاوچەرخ كەلە ئینسان دۆستیی بێگەردو خەوش هەڵنەگرو بی قەیدوشەرتی ئەوەوە سەرچاوەی دەگرتو سەرەنجام تایبەتمەندیە مەزنەكانی كەسایەتی ئەو، ئەمانە دەبیت بەدونیا بناسینریت. هەفتەی منصور حكمت فرسەتیكە تا حزبو بزوتنەوەی ئیمە، وە هەموو ئەو كەسانەی كە منصور حكمت دەناسن و لایان ئازیزە، بەشیوەیەكی تایبەتو ریكخراو بەم كارە هەلسن. فرسەتیكە تا لە رۆژنامەكانو لە كەنالەكانی راگەیاندن، لە كۆبونەوەو سوخنرانیەكانو سمیناری جۆراوجۆردا لەسەر منصوری حكمت قسەوباس بكریتو ئەفكارو بیروبۆچونو نوسراوەكانی بكریتە جیگای قسەوباسو لیكۆلینەوە، لەئیرانو چەندین ولاتی جواراوجۆر لەئاستی دونیادا. هەولی ئیمە ئەوەیە كەلە هەفتەی منصوری حكمتدا ئەم هەلسورانانە بەشیوازی جۆراوجۆر وە لەئاستیكی بەرفراواندا بەئەنجام بگەیەنریت، بەتایبەت دەمەویت لەوە تەئكید بكەمەوە كە مەبەستی ئیمە ئەوەیە كەئەم هەلسورانانە بە هەردوو حزبی كۆمۆنیستی كریكاری بەرتەسك نەبیتەوەو هەركەسو كەسایەتیەك كە منصور حكمت دەناسیٚو ئەو بە نوینەرو قسەكەی خوی دادەنیت لە مەسەلەو بزوتنەوەی تایبەتی خۆیاندا بائەوانیش بینە پیشەوەو لەم هەفتەیەدا لە ناسینو ناساندنی قولترو هەمەشیوەی ئەم كەسایەتیە بەرجەستەیەی سەردەمی ئیمەدا هەلسوراو ببنەوە.  لە رۆشنبیرە ماركسیەكانی چەپی جیهانی تا هەلسوراوانو ئاكتیڤەكانی بزوتنەوەی كریكاری، لە هەلسوراوانی بزوتنەوەی جیهانی دژبە نەزمی نوێو عەسكەرتاریەتو عەزەمەت تەلەبی ئەمریكا تا بزوتنەوەی سكۆلاریستی دژ بە ئیسلامی سیاسی، لەلایەنگرانی مافە مەدەنیەكانی خەلكی ئیرانەوە تا لایەنگرانی مۆدیرنیزمو مەدەنیەت لەبەرانبەر شەرقیكردنو ئال ئەحمەدە پلاستیكیەكان، لە پەنابەرانی ئیرانی لەسەراسەری جیهانو پەنابەرانی ئەفغانی لەئیران تا موخالیفەكانی حیجابی مندالانو كوشتنی ژنان لەژیر ناونیشانی شەرەف لە سوید، لە لاوانیك كە خوازیاری ژیانیكی شادو ئازادن تا ژنانی نارازی بە سەنگەسارو ئەپارتایدی جنسی، وە لە لایەنگرانی گۆڕینی خەتی فارسی تا موخالفەكانی ئیعدام، منصور حكمت پەیوەستە بەهەموو ئەم كەسانەوە، وەهەموو ئەم بزوتنەوانەوە. بەشەریەتی موتەمەدن دەبیت منصور حكمت بناسیت وە بە ئەفكارو و ژیانی پردەسكەوتی ئەو ئاشنا بیت.

**ئەنتەر ناسیونال:** حزب لەم هەفتەیەدا چ هەلسورانیكی لە دەستوردایە وە بریارە چی بكات؟

**حەمیدی تەقوایی:** حزب هەلسورانیكی بەرفراوان و جۆراوجۆری بۆ ئەم هەفتەیە لەدەستوری خویدا داناوە. سەرەتا ئەو خالە رۆشن بكەمەوە كە ئیمە بۆ ئەم هەفتەیە مەراسیمیكی سەراسەری حزبیمان نابیت. چونكە هەروەكو پیشتر باسم كرد دیاریكردنی ئەم هەفتەیە بۆ بەرپاكردنی یەك مەراسیم یان چەند مەراسیم و كۆبونەوەیەك نییە بۆ یاد كردنەوەی منصور حكمت، بەلكو بۆ ناساندنی بۆچونو نەزەراتەكانی مەنصور حكمەتە بە كۆمەلگا. حزب لەم هەفتەیەدا هەلسوانی تایبەتی لەئیراندا دەبیت، هەلبەتە تائەو ئاستەی كە هەلومەرجی سەركوتو ئیستبداد ریگا دەدات. لە دەروەی ولاتیش لەچەندین ولات لەوانە سوید، كەنەدا، بەریتانیاو چەندین ولاتی تریش كۆبونەوەو سوخەنرانیو قسەوباسو لیكۆلینەوە لەسەر بیروباوەری منصور حیكمەت لە بواری جواروجۆردا ریك دەخریت، كاتو شوینی ئەم كۆبونەوانەو ناوی قسەكەرانو بابەتەكانیان بەم زوانە رادەگەیەنین. هەروەها لەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی ماركس_ حكمت لە لەندەن كۆبونەوەیەكی ریكخستووە كە راگەیاندنەكەی بلاوكراوەتەوە. رادیۆو تەلەفزیونو رۆژنامەكانی حزبیش لەم هەفتەیەدا نوسراوو بەرنامەی تایبەتیان دەبیت لە ناساندنی هەفتەی منصور حكمت. سەرباری هەلسورانی وەك چاوپیكەوتن لەگەڵ كەنالەكانی        راگەیاندن لەولاتە جوراوجوراەكان، وە بلاوكردنەوەی

پۆستەرو ریکخستنی پیشانگای وینەو فلیم، دانانی میز کتیبی تایبەتو بلاوکردنەوەی بەرفراوانی نوسینو کتیبەکانی ئەو لە ناوەوەو دەرەوەی ولات لە دەستوری حزبدایە.

**ئەنتەرناسیونال:** بۆ سالیادی گیان لەدەستدانی منصور جکمت چ بەرنامەیەکتان هەیە. ئایا بەرپاکردنی هەفتەی منصور حکمت بەو مانایە نییە کە مەراسیمی سالیادی گیان لەدەستدانی وەکو سالانی پیشوتر بەرپا ناکریت؟

**حەمیدی تەقئوایی:** هەفتەی منصور حکمتو مەراسمی سالیادی گیان لەدەست دانی دوو مەسەلەی جیاوازنو هەریەك گرنگیو جیگای خۆی هەیە. سالیادی گیان لەدەست دانی منصور حکمت رۆژیکە بۆ یادکردنەوەو ریزگرتن لیی. رۆژیکە کە خۆشەویستانی لە گۆرستانی هایگیت لەسەر مەزارەکەی کۆدەبنەوەو یادی ئازیزی ریز لی دەگرن. رۆژیکە کە جاریکی تر پەیوەندی نەپچراوی خۆیان بە منصور حکمت نیشاندەدەنو پەیمانی بۆ تازە دەکەنەوە. ئەمە مەراسمیکی سەراسەریە کە لە رۆژی 10ی تەمووزدا لە گۆڕستانی هایگیت لەلەندەن بەرپادەکریت وە لە هەمان رۆژدا یادەوەریو سوخەنرانی بۆ ریکدەخریت. ئەم مەراسمە لەلایەن ئازەری ماجدییەوە بانگەوازی بۆکراوەو هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیرانو عیراق بەشداری تیادا دەکەنو هەموو ئارەزوومەندان بۆ بەشداری کردن تیایدا بانگەواز دەکەین. لەلایەن حزبی ئیمەو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە لەم مەراسمەدا چەندین سوخەنرانی بۆ یادکردنەوەو بەرز راگرتنی منصورحکمەت پیشکەش دەکریت. هەرئیستا ئازەری ماجدیو حزب راگەیاندنەکانی ئەم مەراسمەیان بلاوکردۆتەوەو بەرنامەکانیشی دواتر بۆ رای گشتی رادەگەیەنریت.